www.kurdistannet.org
29-11-2005 21:03 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەرکردەیەک سوکایەتی بە بنەماڵەی شەهیدێک دەکات لە کەرکوک... ئازاد عەلی

یەکی لەو سەرکردانەی ڕۆ لە هێچ ماڵە شەهیدیك ناکات ئەو کاتەی بە زۆری هەندی کەس بیبەنە ماڵە شەهیدێك ئەوە برینەکانی ئەو بنە ماڵە شەهیدە نۆی دەکاتەوە سامان عەبدوللە برای کاك ئەرسەلان دانیشتوی گەرەکی رەحیم ئاوا یەکیکن لەو بنەماڵانەی هەمۆ ژیانیان هەر لە پێناوی کوردایەتیدا بەسەر بردە وە لەو ماڵانەن دەیان ساڵ بو ئاوارەی سنوری شاری هەولیر کرابون کاك ئەرسەلان کەسێکی زۆر دلسۆزی ناۆ ریزەکانی یەکیتیە کە چەندین ساڵە لە لایەن ئەو دەسالاتدارەی سنوری کەرکوکەوە دژایەتی دەکرێت بەڵام هەر کۆڵی نەداوە لە خەبات شەهید سامانی برای وەك لاوێکی دڵسوزوَ دڵگەرمی شاری کەرکوك پیَ گەیشت و چووە ناو خەباتەوە پاشان بۆ بە بیژەر لە تەلەفزیوندا شارەزای هەبۆ لە بواری راگەیاندن بەڵام لەبەر ئەوەی نەبووە دار دەستی کەسیك ئەو ئیهتمامەی پیَ نادرا وە خۆی بۆ ماوەیەکی کەم دەرکەوت لە سنوری کەرکوك ئەوە بو ساڵیك پیش ئیستا لە لایەن تیرۆرستانەوە شەهید کرا ئەو کاربەدەستەی کەرکوك لەسەر داواکاری هەندی برادەر بردیانوچۆنە سەردانی ماڵی شەهید سامان هەمو قسە باشەکانی بۆ ئەو بنە ماڵەیە ئەوە بو سامان کورتان خەتای خۆی بوو کوشتیان چونکە زۆر ئیهمال بو ئاگای لە خۆی نابۆ کەم تەرخەم بووە لەگەڵ بیستنی ئەم وشانەی ئەو بەریزە ماڵی شەهید سامان شەهید بونی سامانیان لەبیر چۆ بەڵام قسە ناخۆشەکانی ئەو کابرا خاوەن دەسەڵاتە دوبارە کورەکەیانی شەهید کردەوە بەوەی کە کۆرەکەیان کەسیکی کەم تەرخەم بووە لە کاتیکدا ئەو دەسەڵاتدارە ئامادە نەبووە تەنها دەمانچەیەکیش بدات بە کاکە سامان و کاك ئەرسەلان بۆ پاریزگاری کردن لە خۆیان بەڵکو دژایەتیانی کردووە چونکە ئەوان بۆ کوردایەتی خەباتیان دەکرد نەك بۆ دیلایەتی دەسەتداریك لە کەرکوك ئەوەیە دیاری ئەو دەسەڵاتدارەی کەرکوك بۆ ماڵە شەهیدیك.